# بەڕێوەبەر



**یاسین عومەر**

بەڕێوەبەر، کە هەندێ لە کارمەندو فەرمانبەرەکانمان پاشای بیابانیشیان پێدەوت، یەکێ لە چوار یاریدەدەرە دڵسۆزەکەی خۆی نارد بە شوێنمدا، تا کەلوپەلەکانم تەسلیم بکەمەوەو بچم بۆ ئەو شوێنەی کە دەکەوتە نزیک بارەگاکەی ئەو. کە ئەو هات چەندو چوونم لەگەڵدا نەکرد، بەڵکو هەر یەکسەر ئامێرەکانم جێهێشتو لەگەڵ خۆیدا بەڕێکەوتم، چونکە دەمزانی هەرچییەك بکەمو بۆ هەر کوێیەك بچم دواجار هەر دەبێ ڕۆژێ لەڕۆژان ئەو کارگەیە جێبهێڵمو پەروەندەکەیشم بەر لەوەی خۆم بگەمە شوێنە تازەکەم، هەر لەڕێی ئەو یاریدەدەرەوە کە هەمووان ڕۆحیان لە هاتنەکەی چووە، دەچێتەوە بەردەستی بەڕێوەبەر.

ئەوانەی لە کارگەکەدا کاریان دەکرد، زۆربەیان دەیانزانی کە کارکردنیان لە کارگەدا بەو شێوەیە تاسەر نابێت، بۆیە لەترسا خۆیان بۆ ئەو رۆژە ئامادە دەکردو هەوڵیان دەدا دوایین ڕۆژەکانی تەمەنیان لە کارگەدا بە کارو بەرهەمی چاك بەسەربەرن، چونکە زۆربەی جار چەند رۆژێك بەر لە هاتنی یاریدەدەرەکەی بەڕێوەبەر هەواڵی هاتنەکەی بڵاودەبووەوە، هەندێك جاریش چەند مانگێك، بگرە جاروبار چەند ساڵێ بەر لە بڕیاری هاتنەکەی یاریدەدەرو بڕیاری گواستنەوەکە، هەواڵەکە بڵاودەبۆوە. گەلێك جار جگە لە کەسەکە خۆی هەمووان بە بڕیارەکەیان دەزانیو هەوڵیان دەدا ئەو ماوەیەی دەکەوتە نێوان بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەو بڕیاری

جێبەجێکردنی هەواڵەکە دڵی کەسەکە ڕاگرن‌و لەهەر داوایەك کە دەیکرد دەست بەڕوویەوە نەنێن.

نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەی کە دەقی بڕیارەکەم درایە دەست، لە باخچەی فەرمانگەکەماندا لەگەڵ باخەوانە ڕیش سپیەکەی تردا خەریکی هەڵپاچینی پەرژینەکەو کۆکردنەوەی گەڵا وەریوەکان بووین، نازانم چۆن بوو ئەو باخەوانە ڕیش سپییە یاریدەدەرەکەی جەنابی بەڕێوەبەری نەبینی، یان چۆن گوێی لە دەنگی نەبوو، خۆ یاریدەرەکەی بەڕێوەبەر بە دەنگێکی ئەوەندە بەرز بڕیارەکەی پێ ڕاگەیاندم گشت باڵندەکانی ناو باخچەکە هەڵفڕین‌و دوورکەوتنەوە، کەچی ئەو هەر هەستیشی پێنەکرد، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە لە پەشۆکاویدا بەپشتدا کەوتمە سەر گەڵا وەریوەکانی بن درەختە گەورەکەی ناوەڕاستی باخچەکە، ئینجا تێگەیشت کە ڕەنگە کاتێك ئەو خەریکی هەڵپاچینی پەرژینەکە بووە، یاریدەدەرەکەی جەنابی بەڕێوەبەر بڕیاری گواستنەوەکەمی پێگەیاندبێتم.

باش بیرم نییە دوای ئەوە چی ڕوویدا، بەڵام وەك خەوێك بیرمە کە دوای چەند ساتێ لە گەیشتنی بڕیاری گواستنەوەکەم هەستم کرد ئەو کارە ئەوەندەش سەختو ناخۆش نییە، بەڵکو بەجۆرێك لە جۆرەکان هەستم بە لەشسوکییەکی سەیر دەکرد، تەنها شتێ کە نیگەرانی کرد بووم ئادرەسی بەڕێوەبەر بوو، بەڵام هەر زوو یاریدەدەر بە دەست ئاماژەی بۆ کردم کە لە پەراوێزی بڕیارنامەکەدا هەموو شتێك نووسراوە.

تا من بە پاڵکەوتنەوە چاوێکم بە بڕیارنامەکەدا خشاندو ویستم پرسیاری ئەوەی لێبکەم کە ئایا ڕاستەوخۆ بچم بۆ بارەگاکەی یان نا؟ ئەو ئەوەندە دوورکەوتەوە خەریك بوو لە چاو ون دەبوو. هەروا لەسەر گەڵا وەریوەکان درێژ بوو بووم‌و ئەم پرسیارەم لە باخەوانەکەمان کردەوە، وابزانم گوێی لێ نەبوو یان نەیدەزانی باسی چی دەکەم، چونکە بەهەڵەداوان بەرەو ناوەوەی بینای فەرمانگەکەمان ڕۆشت تا ئەوانی ژوورەوەش لە ڕووداوەکە ئاگادار بکاتەوە. دەمزانی زۆری پێناچێت دنیام بەسەردا دادەبارێت، بۆیە لە ترسی ئەوەی نەکا یاریدەرەکەی بەڕێوەبەرم لێ ون بێت، بڕیارم دا هەر یەکسەر لەوێوەو بەبێ دواکەوتن تەشویێو پێمەڕەکە لە باخچەکەدا جێبهێڵم‌و شوێن یاریدەدەر بکەوم‌و خاڵ بە خاڵی بەندەکانی ناو بڕیارنامەکە جێبەجێ بکەم.

دەقی بڕیارنامەکە کە تائێستاش هەڵمگرتووەو لە گیرفانی کراسەکەمدا پاراستومە زۆر خاڵی سەیرو سەمەرەی تێدایە، کە پێشتر نەمبیستبوون. یەکێ لەو خاڵانەی لە بڕیارنامەکەدا هاتووە ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ ناگوێزرێمەوە بۆ لای بەڕێوەبەر، بەڵکو دەبرێم بۆ شوێنێکی تایبەت، هەر کاتێکیش بەڕێوەبەر خۆی ئارەزووی کرد لەو شوێنەوە دەمگوێزێتەوە بۆ لای خۆی یان ڕەنگە بۆ شوێنێکی دوورتر لەخۆی، کە هەموو ڕۆژێ گەرماو خۆڵبارینەو.. چەندین شتی لەمەش سەیرتر.

بەدرێژایی ئەو ڕۆژە دووراودوور شوێن یاریدەدەر کەوتم، بەڵام هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی پێی بگەمەوە، بۆیە بانگم لێکرد کە ڕاوەستێت‌و پێم بڵێت کە تا ئەو ڕۆژەی بەڕێوەبەر بانگم دەکاتەوە چی بکەم، بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە بە تووڕەییەوە پێی وتم کە خۆم سەرپشك بم بۆ کوێ دەچم. وتم ئاخر لە قەباڵەکەدا نووسراوە.. نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم ئاوڕێکی دایەوەو بە پەنجەی هەڕەشەوە پێی وتم: ئەوەی هەیەو نییە لە قەباڵەکەدا نووسراوە، خۆت دەبێت تێبگەیت، پێویست بە پرسیارو منەیی ناکات. تۆ، تا ئەو کاتەی جەنابی بەڕێوەبەر خۆی بانگت دەکاتەوە ئازادیت بۆ کوێ دەچیت بچۆ، بەڵام بیرت نەچێ کە بانگی کردیتەوە ئەو کات دەبێت یەکسەر بگەیتە لای. وتم جەنابی یاریدەدەر نازانیت ئەو کاتە کەیە؟ بە حەسرەتێکەوە وتی: (من هەندێ شتی لێدەرچێت کە خودی بەڕێوەبەر بە دەمی پێم دەڵێت، هیچ شتێك نازانم، تەنانەت نازانم چی لە قەباڵەکەشدا نووسراوە، بەڵام هەر بۆ زانینت ئێرەش وەکو هەموو شوێنەکانی دیکە موڵکی بەڕێوەبەرە، دەتوانیت لێی بمێنیتەوە، دەشتوانیت جێی

بهێڵێتو بۆ ئەو شوێنە بچیت کە حەز دەکەیت بچیت بۆی، بەڕێوەبەر بە وردی حیسابی بۆ هەموو شتێك کردووە.) پاشان ئەوەندە بەخێرایی دووركەوتەوە كە ئیدی نەمتوانی ماڵئاواییشی لێ بکەم.

كە ئەو ڕۆشتو تەنیا مامەوە بیرم دەکردەوە: چی بکەم؟ نەدەکرا تا ئەو ڕۆژەی ئەوان وەڵامم لێدەگێڕنەوە هەروا چاوەڕوان دانیشم، زۆر بیری منداڵەکانم دەکرد، بڕیارم دا بگەڕێمەوە بۆ ماڵێ، بەڵام کە بیرم کردەوە قەباڵەی جێهێشتنی ئەوێم مۆرکردووە پەشیمان بوومەوە. ویستم کەسێك بکەمە هاوڕێی خۆم تا هیچ نەبێت ئەو ماوەیە پێکەوە هەندێ بگەڕێین، کەسم نەبینیو کەسیشم نەهاتە خەیاڵ، بۆیە بەناچاری گەشتێکی بەتەنهام دەستپێکرد. زۆر ڕۆشتم، دەمویست بە ڕۆیشتن سەریەشەی چاوەڕوانی لە کۆڵی خۆم بکەمەوە. هەستم کرد قاچم سەرپێچیی فەرمانەکانی مێشکم دەکات. نەمدەزانی چی بکەم، ناچار لە شوێنی خۆم دانیشتمو قەباڵەکەم دەرهێناو سەرلەنوێ دەستم کردەوە بە خوێندنەوەی. هێشتا چەند پەرەگرافێکم مابوو بیانخوێنمەوە، هەستم کرد دوو کەس لە دواوە چاودێریم دەکەن، کە زانییان هەستم پێکردوون خۆیان ئاشکرا کردو بەرەو ڕووم هاتن. یەکێکیان کە هەر لە ئەفسەری سوپا دەچوو بە هەڕەشەکردنەوە یەك لەسەر یەك کەوتە پرسیارلێکردنم. تەواو ماندووی کردم، خەوم دەهات، بەڵام ئەو لە پرسیار بێزار نەدەبوو، دواجار ئەو بێدەنگ بوو، ئەوی تریان کە پێدەچوو شەرم بکات بە چەند دێڕێك باسی دادپەروەریو میهرەبانی و بەتواناییو زانایی بەڕێوەبەری بۆ کردم، پاشان قەباڵەکەمی لێوەرگرتمو بە چاو ئاماژەی بۆ کردم کە بەدوایدا بڕۆم، ئینجا وەستاو بە دەست ئاماژەی بۆ باخو باخاتێك کرد، کە لە قەدپاڵی کێوەکەی بەرامبەرماندا هەڵکەوتبوو و نێوانمان بە چاو هەروا چەند سەد مەترێ دەبوو. بەدەم خوراندنی لاجانگییەوە وتی: ئەوەی کە دەتەوێت ببینیت لەوبەر چاوەڕێتە، بەڵام بیرت نەچێت دەبێت بەر لە خۆرئاوابوون بیگەیتێ، چونکە جەنابی بە شەو کاری تایبەتی خۆی هەیەو هەر کەسێك لە شەودا بێزاری بکات وەڵامی ناداتەوە، بگرە قینیشی لێ هەڵدەگرێت، ئەوەش بزانە مەرج نییە ئەمڕۆ بگەیت، گرنگ ئەوەیە لە شەودا نەگەیتە لای، پاشان بەدەم گەڕاندنەوەی قەباڵەکەمەوە درێژەی بە قسەکانی داو وتی: گەر لە شەویشدا گەیشتیت ئەوا چاوەڕێ بکەو سەردانەکە دوابخە بۆ بەیانیی ڕۆژی دواتر، ئێستا بڕۆ و کات بەفیڕۆ مەدە. قەباڵەکەم لەدەست کەوتە خوارەوە. دانەویمەوە هەڵمگرتەوەو ویستم سوپاسی بکەم، بەڵام لەو ماوە کەمەدا کە دانەوییوومەوە قەباڵەکە هەڵبگرمەوە، لەگەڵ هاوڕێ تورەکەیدا ئەوەندە دووركەوتبوونەوە بە ئاستەمیش گوێیان لە دەنگم نەدەبوو، بۆیە یەکسەر بە قسەیم کردو دەستم کرد بە ڕۆشتن. ماوەیەکی زۆر بێ ئەوەی ساتێ پشوو بدەم ڕێگام بڕی، کەچی نە من سانتیمێك نزیك دەبوومەوە، نە هەستیشم کرد گەڵای یەکێ لە درەختەکانی باخەکە بلەرێتەوە. تەواو لە گیانی خۆم وەڕس بووم، ئاواتم بە مردنی خۆم دەخواست، نەمدەزانی چی بکەم، هێندە دەستەپاچە بووم بەزەییم بە خۆمدا دەهاتەوە.

نازانم چەندێك ڕێمکرد، ئێوارەیەکیان کە دنیا تازە تاریك داهاتبوو و باران بە نەرمی دەباری، بڕیارم دا وەکو سەربازێکی نموونەیی لە شوێنی خۆمدا بوەستمو چەپ چەپ بەرەو دواوە ڕوو وەربگێڕمو بە پێچەوانەی ئاڕاستەی باخەکەوە بکەومەڕێ... ئەو شەوەش وەك شەوەکانی تر بێ وەستان ڕێم کرد، لەخۆمەوە دڵم بە سەرپێچییەکەم خۆشبوو، چەندان بەرنامەم دارشت کە چی بکەمو چی نەکەم. بەیانی خۆر هەڵاتو منیش ماندوو، بەڵام کامەران، لە ئاسۆ ورد دەبوومەوە، کە بە وردی سەرنجم دا شتێکی سەیرم بینی، دیمەنی باخەکە لەوێش هەبوو. ئاوڕێکی خێرام بۆ دواوە دایەوە، دیمەنی باخەکە لەجێی خۆی مابوو، ویستم بەلای باکوردا بڕۆم، دیمەنەکە لەوێش بەهەمان شێوە هەبوو، ئیتر سەیری باشورم نەکرد. لەجێی خۆم دانیشتمو لە بێزاریو لەوەی کە نەمدەزانی چی بکەم دەستم بە هەر دوو گوێمەوە گرتو هەروا سەرم ڕادەوەشاند.

نـازانم چـەندێکم بـەم شـێوەیە بەسـەر بـرد، دەمـەو عەسری ڕۆژێك کە بەفر دنیـای سـپی کردبـوو کەژاوەیـەك گالیسکە لەبەر دەممدا وەسـتا، کەسـێك کـە ڕووبەنـدێکی پۆشیبوو لە یەکێ لە ئوتومبیلەکان دابەزیو بەپێی خـۆی هاتە پێشەوە، دوای ئەویش ئەو یاریدەدەرەی بەڕێوەبەر دابـەزیو بـەرەوڕووم هـات، کـە لـە باخـچەکەدا قەبالـەی گواسـتنەوەکەمی دامـێ. ئـەو بـەڕێزە هێـشتا تـەواو نەگەیشتبووە جێ، هەر لـە دوورەوە بـە ئامـاژە فـەرمانی پێکـردم کـە کرنـوش بـۆ ڕووبەندپۆشـەکە بـەرمو پاشـان بەسـەر پێیـەکانی بکـەوم. ویـستم بڵـێم چـۆن شـتی وا دەبێت، بە چاو مۆڕەیەکی لێکردمو بێدەنگ بـوو، ئینجـا ئـەوی تـر بـە جوڵەیـەکی خێـرا ڕووبەندەکـەی لەسـەر دەموچاوی خۆی لابـردو چـەند هـەنگاوێ دوورکەوتـەوەو چـوو لـەولاوە بەتـەنها وەسـتا، پاشـان لـە گالیـسکەکانی تـرەوە یـەك یـەك و دوو دوو کەسـانی تـر هـاتنو لـەملاو ئـەولای ئـەوەوە بێـدەنگ ڕاوەسـتان. دوای ئـەو یاریـدەدەرەی بەڕێوەبـەر کـە لـە باخـچەکەدا قەبالـەی گواستنەوەکەمی دامێ کەسێکی چاوبایەمی سـەرو ڕیش سپی گەیشت، کە یەکەمجارم بوو بیبینم، ئینجا ئەو دوانە هاتن کـە یەکـەمیان لـە ئەفسەری سـوپا دەچـوو، ئـەوی تریشیان لە بابە نۆئیل. ئێستا ئیـدی وێنەکـەم بەتـەواوی بـۆ ڕوون بووبـووەوە، ئـەو بەڕێوەبـەرو ئـەمانیش یاریدەدەرەکانی بـوون. ویـستم بڵـێم جـەنابی بەڕێوەبـەر کۆتـایی بـەم چـاوەڕوانییەم بهێنـەو ڕزگـارم بکـە، بـەڵام یاریدەدەرەکانی بەڕێوەبەر بواریان نەدام قسەکانم تەواو بکـەم، ئـەملاو ئـەولایان گـرتم، دڵـم پڕبـوو، دەمویـست خۆمیان لەدەست ڕاپسکێنم، بەڵام بێسودبوو، چونکە زۆر لە مـن بـەهێزتر بـوون، بۆیـە بـە دەنگـی بـەرز وتم: ئەمـە دادپـەروەری نییـە. بـەڵام بەڕێوەبـەر کـە بـە وردی لـێم ڕامـابوو، وەکـو ئـەوەی گـوێی لـە قـسەکانم نـەبێت یـان گاڵتـەی بـە قـسەکانم بێـت، بـە زەردەخەنەیەکـەوە بـە یاریدەدەرە میهرەبانەکەی خۆی وت:

"بیگێڕنـەوە بـۆ شـوێنی خـۆی، ئـەم هێـشتا نـۆرەی گواستنەوەی نەهاتووە، ئێـوە بـە هەڵـە لـەبری باخەوانـە ڕیش سپییەکە ئەمتان هێناوە".